# کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد
# ASK
## پرۆژەی بەدواداچوونی کاروبارەکانی سیستەمی دادوەری
## هەرێمی کوردستان- هەولێر
## راپۆرتی یەکەم

### پێشەکی:

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK رێکخراوێکی نێودەوڵەتی (ئەمریکی کوردی) ناسودمەندە، لە ساڵی ١٩٩٩ ـەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەستی بە چالاکیەکانی کردووە (کارو چالاکیەکانی تەنیا لە ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق دایە، ئەوە بۆ سێیەمین ساڵ دەچێت کەوا کاری چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئەدای دامەزراوە رەسمیەکانی هەرێم دەکات، لە پێناو زیاتر ئاگادارکردنەوەی رای گشتی و نزیك کردنەوەیەکی زیاتری نێوان ئەو دامەزراوانەو خەڵکیش، هەورەها یارمەتیدانی زیاتری ئەو دام ودەزگایانە بۆ ئەوەی رەچاوی شەفافیەت بکەن لە کاتی بەجێگەیاندنی کارەکانیاندا، لە ئەنجامدا هەوڵدانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی.

لە پرۆژەی ئەمساڵدا، دەزگا و سیستەمی دادوەری لە کوردستاندا بەشێکی سەرەکی مەبەستدار بووە، بێگومان گرنگی و سەربەخۆیی ئەم دەزگایە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی سەقامگیری لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری لە نێو کۆمەڵگادا، بۆیە لەو هەلْ و مەرجەی کە ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی پێیدا تێدەپەڕێت و دوابەدوای ئەزمونی ١٧ ساڵ لە خۆبەڕێوەبردن و هەڵسو کەوتکردن وەك دەوڵەتێك، هەروەها بۆ زیاتر بە هێزکردن و دوورخستنەوەی ئەم دەزگا ستراتیژیە لە هەر دەستێوەردانێك کە ئاکامەکەی زەرەر گەیاندنە بە بەرژەوەندی خەڵکی و ئەزموونی پێشڤەچوونیشەوە، بۆیە بە پێویست زانرا پرۆژەیەکی تایبەت بە بەدواداچوونی کارو چالاکیەکانی ئەم دەزگایە بۆ ماوەی ساڵێك ئەنجام بدرێت لە رێگەی پێنج خۆبەخشی (یاساناس)، لە کۆتای هەر قۆناغێکی ئەم پرۆژەیەدا ( هەر قۆناغێك ٣ مانگ دەخایەنێت و لە بەشێك لە بەشەکانی دەزگای دادەوەری لە کوردستاندا دەبێت) راپۆرتێکی تایبەت بە ئەنجام و دیدی کۆکراوە لە سەر ئەم دەزگایە دەردەچێت و لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بلآودەکرێتەوە و ئینجا کۆنفرانسێکی تایبەت ساز دەکرێت بۆ خوێندنەوەو خستنە ڕووی راپۆرتەکە بۆ کەسان و لایەنەکانی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی ئەوانیش سەرنج و راو تێبینی خۆیان دەربخەن و پێشنیار و بۆچوونەکانیان دۆکیومێنت بکرێت و بەرزبکرێتەوە بۆ دەزگای یاسا دانان و جێبەجێکاری هەرێم تاکو بە پێی توانا هەوڵ بدرێت و هەنگاوی زیاتر بنرێت بۆ بەسەربەخۆکردنی تەواوی ئەم دەزگایە لە رووی ماددی و دەسەلآتیشەوە.

### سەربەخۆیی دادگا

*بێ لایەنی
١- نابێ دادوەر کار بۆ لایەنێکی سیاسی بکات
٢- خۆلادان لە دەرخستنی بیروڕای سیاسی
٣- دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری

*تایبە تمەندی
١- تایبە تمەندی ئەرکی دادوەری – ئەرکی سەرەکی دادگاکان یەکلایی کردنەوە کێشەکانە نەوەك خزمەتگوزاری
٢- تایبەت بوونی ( اختصاص ) دادوەری سزایی و مەدەنی

*سەربەستی راو بۆچوون
١- نابێت دادوەر لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکرێت لەسەر بریاری کە دەری دەکات
٢- نابێت دادوەر فشاری بخرێتە سەر

### ئەرکە سەرەکیەکانی سیستەمی دادوەری

- چاودێریکردن و پاراستنی دەستوور
- سە پاندن و چەسپاندنی داد پەروەری
- سە پاندنی ئاسایش و هێمنی کۆمەلایەتی
- پاراستنی ماف و سەربەستی تاکەکانی کۆمەڵ

### حاڵەتەکانی دەستێوەردانی دەسەلاتی جێبەجێکاری بۆ سیستەمی دادوەری

١- دەستێوەردانی پێکهاتەی دادوەری
- دامەزراندنی دەستەی دادگاکان
- دەستێوەردانی بڕیارەکانی کارگێری دادگاکان
- دەرهێنانی فایلی ژێر دەسەلاتی دادگاکان

٢- رێگرتنی بیستنی داواکان
- فشار بۆ سەر دادگا بە مەبەستی دەرکردنی بڕیار لە بەرژەوەندی لایەنێك
- کۆسپ خستنە بەر جێبەجێکردنی بڕیارەکان
- دەسکاریکردنی ئەو دۆسێ و را پۆرت و نووسراوانەی کە دادگا پشتیان پێ دەبەستێت

٣- فشار خستنە سەر
- کۆتایی پێهێنانی راژە
- ئینتیداب کردن

**میکانیزمی بەدواداچوونی کارەکان:**

**وەك لە سەرەوە باسکرا ئەم چالاکیە لە رێی گرووپێکی پێنج کەسی لە خۆبەخشان ( یاساناس ) ئەنجام دەدرێت کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە:**

١- **هەردی حمدامین همزە**
٢- **شوان حسن احمد**
٣- **یوسف اسعد اسماعیل**
٤- **فرهاد محمد رسول**
٥- **علی مهدی حمود**

## قۆناغی یەکەم: سێ مانگ: ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/٣/٣١

## دادگا سزاییەکان

**کە بریتیە لە:**

I- **دادگای لێکۆڵینەوە: لەرێی ئەو دادگایەوە کێشە سزاییەکان رەوانەی دادگا تایبە تمەندەکان دەکرێن کە بریتین لەوانەی خوارەوە:**
II- **دادگای تاوانەکان**
III- **دادگای کەتن**
IV- **دادگای نەوجەوانان**

**کێشەکان دوای ئەوەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە تەواو دەبن – لە دادگای لێکۆڵینەوە کێشەکان جیادەکرێنەوە و بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە بە پێی ماددەو تاوان و دادگای تایبە تمەند - رەوانەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی دەکرێن، لەوێشەوە لە قەڵەمی داواکاری گشتی بە گوێرەی مادده یاساییەکان دابەش دەکرێنە سەر دادگا تایبە تمەندەکان بۆ یەکلاییکردنەوەیان بە شێوەیەکی بنبڕ و کۆتایی.**

**لەم راپۆرتەدا کە کرداری بەدواداچوونی کاری دادگاکانی سزایی و ئەو دەزگایانەی کە سەر بە دادگاکانن یان پێیانەوە پەیوەستن ئەنجام دراوە بۆ ماوەی ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/٣/٣١. لەو راپۆرتە پەنجە دەخەینە سەر کۆمەڵێك تێبینی و سەرنج لە سەر کردار و رێکاریەکانی ئەم دادگایە، ئەویش لە رێی سەردانی کردنی مەیدانی خۆبەخشەکان بۆ چەند دادگایەکی سەر بە دادگاکانی سزایی.**

**چەند سەرنج و تێبینی لە سەر کاری دادگاکان:**

١- **گەلێ کێشە هەن کە تەنانەت بە گەیشتنیان بۆ بنکەی پۆلیس هەر لەوێ یەکلایی دەکرێنەوە بێ ئەوەی بگەیێنرێنە دادگاکان، واتە ئەفسەری بنکەکان رۆڵی دادوەر دەبینن، بێ ئەوەی یاسا ئەو دەسەلاتەی پێ دابێ و بێ ئاگادارکردنەوەی دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبە تمەندی کێشەکە – جاری واش هەیە دادوەریش ئاگادارە و نایەوێت کێشەکە درێژە بکێشێت و پێیەوە ماندوو بێ- دواتر لایەنەکان لە یەکتری خۆش دەبن و سکالاکەیان پووچەڵ دەکرێتەوە. ئەمەش زۆر جار پێشێلکردنی مافی لایەنەکانی کێشەکانی لێدەکەوێتەوەو کە رەنگبێ هەندێك لە مافەکان بخورێن یان هەندێکیتر مافی زۆرتریان پێبدرێت لە سەر**

حیسابی لایەنەکەی تر، سەرەرای ئەوەش بچوك کردنەوەی رۆڵی دادگایە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان گەر بچووکیش بن.

٢- سستی کار را پەڕاندنی هەندێك لە کێشەکان، سەرنجی ئەوە دراوە هەندێ کێشە بۆ ماوەی ٥-٦ ساڵ دواخراون – هەرچەندە کێشەکەش بچووك بووە- ، بە تایبەتیش لە بنکەکانی پۆلیسی سەر بە دادگای لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان. تەنیا بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی یەکێك لە لایەنەکان و بێزار کردنی لایەنەکەی تر بۆ واز هێنان لە مافەکانی خۆی.

٣- تێبینی کردنی دەستکاریکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوەی فایلی کێشە یەکلایی نەکراوەکانی بەردەم دادگا، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی و پێش ئەوەی بگاتە دادگاکانی تایبەتمەند، لە لایەن کەسان و لایەنی جیاجیا، بەمەبەستی گۆڕینی ئەو راستیانەی کە لە سەرەتاوە تۆمارکراون تاکو بەلای یەکێك لە لایەنەکانی کێشەکەدا بشکێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بە ئاسان گەیشتنی کەس و لایەنی نا پەیوەست بە فایل و پەڕاوی تایبەت بە دەعواو کێشەکان، کە مانای سستی لە سیستەمی کارگێری و چاودێریکردنی فایلەکان دەگەیێنێت.

٤- لاوازی دادگاکان لە بەردەم هەندێك کێشەی پەیوەست بە هەندێك لە عەشیرەتەکانەوە، بەوەی گەر بێتوو دادوەر بڕیاریش دەربکات ئەوا بڕیارەکەی بەسەر کەسێك، جێبەجێناکرێت گەر ئەندامی عەشیرەتێك بێت، بەڵکو لەوانەیە ئەو دادوەرە رووبەڕووی مەترسیش ببێتەوە لە هەندێك حاڵەتدا، ئەویش لەبەر پاڵپشتی کردن سیاسی بۆ دەسەڵاتی عەشایەری کە لە یاسا بە بەرزتر دەزانرێت.

٥- تێبینی کراوە، زۆر لە حاڵەتەکانی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی سەرەتایی لە گومانلێکراوەکاندا، پێش ئەوەی شایەت و بەڵگە هەبێت، دادوەر هەڵدەستێت بە دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردن بۆ شوێنی حەوانەوەی تاوان خراوەپاڵ، هەروەها وەك تاوانباریش مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت و زۆر جاریش لە رووی دەروونی و جەستەییەوە ئازار دەدرێن، گەر بێتوو هیچ بڕیارێکیش درنەچووبێت لە دادگاوە بە تاوانبارکردن، ئەمەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی کەسەکانە و دوورە لەو بنەما یاساییەی دەڵێت" گومانلێکراو تا ئەو کاتەی تۆمەتی بەسەردا دەسەپێت بێ تاوانە" سەرەڕای ئەوەش بە پێی بنەمای یاسایی:" گومان بۆ بەرژەوەندی ( تاوان خراوەپاڵ ) لێك دەدرێتەوە".

٦- لە هەندێ کێشەدا، لە کاتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچووندا دەزگا راگەیاندنەکان باس لەم کێشەیە دەکەن و وردەکاریەکان بڵاودەکرێنەوە بەرلەوەی حوکمی یەکلاکەرەوەی بۆ دەربچێت، ئەمەش زیان گەیاندنە بە ئاراستەی کێشەکان و پرۆسەی دادوەری. کە بە پێی ماددەکانی ژمارە ( ٢٣٦ ) یاسای سزایی و ماددەی ژمارە ( ٥٧ ) یاسای اصولی دادگاکانی ئەم شتە قەدەغەکراوە، تەنیا گەر دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند رێگە بدات. چونکە بڵاوکردنەوەی زانیاری هەر کێشەیەك بەر لە یەکلابوونەوەی دوو لایەنی خرا پی هەیە :

یەکەم: پابەندکردنی دادگایە بە دانی بڕیارێکی دیاریکراو و پێشوەختە بەر لە یەکلاییکردنەوە

دووەم: تێکدان و شێواندنی رێڕەوی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کێشەکەیە.

٧- لە میانەی بە دواداچوون لە دادگاکانی ناوبراودا، دیاردەیەك کە زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرا و دووبارەش دەبۆوە، بریتی بوو لە دەستێوەردانی بێ ئەندازەی لایەنی حکومی حیزبی لە کاروباری دادگاکان، ئەویش چ لە رێگەی تەلەفونەوە یان تەوسیە کردنەوە بووبێت، بە مەبەستی فشار خستنە سەر

دادوەرەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەکانی سەرەتایی، کە هەندێ لە دادوەرە بەرێزەکان بەرەنگاری ئەم دیاردەیە دەبوونەوە و بەڵام ژمارەیەکیشیان ملکەچی ئەم جۆرە فشار و کاریگەریانە دەبوونەوە.

٨- هەندێ کێشە هەیە توخمی سزایی تێدانیە و لەبەر هەبوونی پاڵپشت و هێزی سیاسی بۆ یەکێك لە لایەنەکانی کێشەکە، فشار دەکرێت بۆ گواستنەوەی لە بواری مەدەنیەوە بۆ بوارێکی تر کە کێشەکە لە رووی یاساییەوە بە هیچ جۆرێك ناچێتە ئەو بوارەوە.

٩- لە هەندێك حاڵەتدا تێبینی دەکرا، هەندێك لە کێشەکان پەیوەستن بە دەسەڵاتی دادگاکانی سزاییەوە، کەچی دەگوازرێنەوە سەر دەزگا ئەمنیەکانی وەك ئاسایش بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی لایەنە دەسەڵات پێدراوەکانی وەك: وەزیری داد، دادگاکان یان دەسەڵاتی دادوەری سەرووتر.

١٠- دەست هەڵگرتن یان خۆکێشانەوەی هەندێك لە دادورەرکان لە هەندێك کێشە، لەبەر فشار یان ترس، کە ئەمەش بەداخەوە مانای نەبوونی متمانەو هێزی سیستەمی دادگایە.

١١- پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادوەرەکان لە هەندێك حاڵەتدا لە لایەن دەزگای جێبەجێکاری حکومەتەوە ( پۆلیس )، و بەدوادانەچوونەوەی بڕیارەکان لە لایەن دادوەرە تایبەتمەندەکان و کەم تەرخەمیان.

١٢- دەستێوەردانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەندێ لەو کێشانەی کە دێنە بەردەم دادگاکان بە تایبەتیش دەزگای ئاسایش.

١٣- ئەندامێتی هەندێك لە دادوەرەکان بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان، کاریگەری کردۆتە سەر بڕیار دەرکردنیان لە بەرژەوەندی ئەو حیزبانە، گەر بێتوو بڕیارەکە دژ بەیاسا و بەرژەوەندی گشتیش بێت.

١٤- لە هەندێك لەو حاڵەتانەی کە پەیوەندیان بە کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەرەفەوە هەیە ئەوا دەستێوەردانێکی زۆری تێدا دەکرێت بە تایبەتیش گەر تاوانبار پێشمەرگە بێت، یان ئەفسەر و پلەدار بێت جا چ سەر بە پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ یان هێزی پێشمەرگە، کە گەر بێتوو بڕیاری زیندانکردن وسزاشیان بۆ دەربچێت لە دادگاوە ئەوا لە لایەن دامەزراوەکانی نابراو پشت گوێ دەخرێت. یاخود داوا دەکرێت بۆ بەسەربردنی سزاکان رادەستی ئەوان بکرێن و دواتریش بە ئاسانی ئازاد دەکرێن پێش ئەوەی ماوەی سزاکە تەواو بێت.

١٥- سەرنج دراوە هەندێك لە دادوەرەکان، لەکاتی دادگاییکردندا، بە شتی لابەلای وەك بەکار هێنانی مۆبایل و کاری تایبەتی خۆیانەوە خەریك دەبن و دادگاییکردنەکە دەپچڕێنن یاخود زمانێکی تر جگە لە زمانی رەسمی دادگا ( کوردی و عەرەبی ) بە کار دێنن، ئەمە لە لایەك پێشێلکردنی سیستەمی دادگاییکردن و یاسایە و لە لایەکی تریشەوە هێنانە خوارەوەی هەیبەت و بەرزی دادگایە.

١٦- تێبینی کراوە کەوا جێهێشتنی دادوەرە ئێشکگرەکانی لێکۆڵینەوە ی دادگاکانی لێکۆڵینەوە و گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە بەر لە تەواو بوونی ماوەی ئێشکگریەکە بۆتە نەریتێك. لە کاتی هەبوونی کێشە لەو ماوەیەدا، لایەنەکانی کێشە سزاییەکان – تۆمەتبار بێت یان دادخواز- دەبرێنە ماڵی دادوەر و لەوێ وتەکانیان وەردەگیرێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی یاساو رێنماییەکانە، زیاتر لەوەش مەترسی خستنە سەرە بۆ ئەم دادوەرانە بەوەی کە تۆمەتبار یان گومان لێکراو دەبرێنە ماڵی دادوەرەکان و ناسینەویانە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان، کە رەنگبێ لە داهاتوودا ئەنجامی باشی لێنەکەوێتەوە.

**١٧- سەبارەت بە رۆڵی دادوەری داواکاری گشتی لە کێشە سزاییەکانی بەردەم دادگاکانی سزایی، سەرنج دراوە کەم تەرخەمی هەیە لە بینینی رۆڵیان وەك داواکاری گشتی ئەویش لە بەدواداچوونی بڕیارەکان و تەمییزکردنەوەیان، تاکو مافی لایەنەکانی کێشەکان بپارێزرێت**

**١٨- سەرنجی ئە نجامدانی هەندێك هەڵەی گەورە دراوە لە لایەن دادوەری ( موضوع ) تایبە تمەندی کێشە کە لە قۆناغی کۆتایی، وەك دانی بڕیار و حوکم بە جۆرێك کە زەرەر و زیانی زۆری هەبێت بەسەر لایەنەکانی کێشەکان لە سەر حیسابی یاساو فەوتاندنی مافەکان.**

**١٩- نەبوونی شارەزایی و پێشینەی کارەکی لە لایەن هەندێك لە دادوەرەکان، ئەویش یان لەبەر گواستنەوەیان لە دادگاییێکەوە بۆ دادگایەکی تر بێ ئەوی شارەزایی هەبێت، یاخود پێش بوونی بە دادوەر کاری پارێزەرایەتی کردووە و هیچ داوایەکی سزایی نەبینیوە و شاەرزایی کەمە.**

## پێشنیار:

**١- کارا کردنی دەزگای داواکاری گشتی، لە رێی دامەزراندن و سوود وەرگرتن لە کەسانی بە تواناو شیاو و بوێر، هەورەها سەرەڕای دەسەلاّتی ئاراستەکردنی تۆمەت، دەسەلاّت پێدانیان بۆ لێکۆڵینەوەش.**

**٢- دانانی مەرج و پێوەری توند لە لایەن ئە نجوومەنی دادوەریەوە بۆ دڵنیا بوون لە دامەزراندنی کەسانی بێلایەن و بە توانا لە بواری دادوەریدا ئەویش لە رێگەی کردنەوەی پە یمانگای دادوەران یان کردنەوەی خوولی چڕ و پڕ و کردنەوەی بواری شارەزایی و تایبە تمەندێتی وەك هەبوونی دادوەری لە بواری سزایی و نا سزایی.**

**٣- کردنەوەی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی کەسایەتی تاوانبار لەو بوارانەی پەیوەندیان بەکێشەکانی سزاییەوە هەیە، بە جۆرێك کە پەرە بدرێت بە بواری ( دەروونزانی تاوان )، ئەوەش بۆ گونجان لەگەڵ پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان، بەوەی کە لە زۆربەی ولاّتانی دونیا ئەم بوارە هەیە لو دادگاکاندا.**

**٤- گرنگیدان بە کردنەوەی خوولی ووشیاری یاسایی لە سەر ئاستی کارمەندانی بواری دادوەری و هاولاّتیش، بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر ئاگاداری رەفتار و حوکمە یاساییەکان ببنەوە.**

**٥- گرنگیدان و جەخت کردنەوە لەسەر باشکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و کۆمەلاّیەتی دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی و هەروەها کارمەندانی ئەو بوارەش لە بودجەی سەربەخۆی سیستەمی دادوەری، تاکو بە هیچ جۆرێك نەکەونە ژێر داواکاری و بەخشینی دەسەلاّتی جێبەجێکاری.**

**٦- ئاسانکاری لە رێو شوێنی یاسایی وکارگێری دادگاکان بۆ کورت کردنەوەی کاتی خایانراوی پێویست بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان و گێڕانەوەی تێچوون و سە پاندنی پابەندی و دابینکردنی مافەکان و پارێزگاری لێکردنیان.**